# چەم چەقەو چەقەڵ چەم

**هەورامان علی تۆفیق**
Berzi-san@web.de



چەواشە بوون شێواندنی هەموو پرەنسیپە مرۆیی و نێونەتەوەیی و ئاشتیخوازیەکانی ئەم دونیایە لە گۆڕەپانێکی وەک عێراق دا ڕۆژانە و بە دەیان شێوە دەشێوێنرێن و ئەوەی بەویست و خواستی خۆیی و دارو دەستەو ئەو لایەنانەی دەخوازن کاری تێکدەرانەو شێواندنی باری ئاسایشی ئەم وولاتە بەرەو خراپتربەرن بەجۆرێک کەس نەتوانێت ئەم دۆخە بەرێتەوە ئاستی جارانی .. بەلاّم دەلّێم کام ئاست ..؟ ئەو ئاست و ساتانەی کە پلان بۆ تواندنەوەی کورد و نەتەوەی کوردی و سڕینەوەی لەسەرنەخشەی دوونیا بەپێ ی ئەو پلان و ڕێککەوتنە نێونەتەویانەو ئەو وولاّتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراون . یان ئەو شەڕو هێرشە کۆمەڵکوژیانەی سەرکردەو حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی ئەم وولاّتە و دواترین و دڕندەترینیان ئەو ڕژێمە عەرەبسیزم و شۆڤێنیەی کە بەدڕەندەترین شێوازو بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەک و شێوە ڕەفتاری لەناوبردن دژ بەگەلی کوردی بەکارهێنا و دوای سەدان هەزار قوربانی و پاش ڕاپەڕینەکانی بەهاری 1991 و ئازادبوونی کورد و سەرجەم ئەو قۆناغانەی ڕەوتی سیاسی کورد لە چۆنیەتی بەرەوپێشەوەبردنی کاروباری سیاسی و ئیداری و ئابوری ناوخۆیی کوردستان بەهەموو خۆشی ناخۆشیەکانیەوە و پاش ئەوەش پڕۆسەی ئازادی عێراق و دارمانی ئەو حوکمە نەگریسەی ڕژێمی فاشی بەغداد و وسەدامی تاوانبار . ئەم هەنگاوە وەرچەرخانێکی گەورەو گرنگ بوو لە مێژووی عێراق دا بەلاّم گرنگ ئەوەیە ئەم دەست کەوت و وەرچەرخانانە چۆن سوودیان لێوەردەگیرێن و چۆن ئەوەی لەو ڕۆژگارانەدا لێیان بێبەش بوون و نەمان دەدین ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی مەیداندا پەیڕەویان بکەین کە مێک بحەوینەوە, سەرجەمی ئەو گرفتانەی لە ڕێگای پڕۆسەی ئازادی عێراقەوە و بەهۆی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیە بەدەست لە دوو بەرەی جیاوازە سەیردەکرێ و مامەڵەشی لەگەڵ دەکرێ بەشێوەیەک دۆخەکان لە ئاستێکی زۆر خراپ و نالەباردان و سەرجەم تەوەرەکان شێوێندراون و سەرلێدەرچوونیان کارێکی ئاسان نیە و تەنانەت ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و ڕای گشتی نێونەتەویش لەو ئاستە گێژاوەدا گیرماوە و ماڵەکردن لەگەڵ بارو دۆخێکی لەم چەشنە پێویست بەویای و شارەزایی و بەچەرگی و واقیع بینیانە دەکات .. ئەو دوو بەرەیەش بەم شێوەیەن .. یەکەم : ئەوانەی کە لەگەڵ ئەم پڕۆسەیەبوون و پشت گیریان کرد .. دووەم : ئەوانەی بەهۆیی ئەم پڕۆسەیەوە زەرەرمەند بوون و ئەوەی چەندین ساڵە پنیادی دەنێن ئەمڕۆ لێیان تێک چوو و لەدەستیان دا و دژی ئەم پرۆسەیە وەستاون .

بەشی یەکەم : بریتی بوو لە کورد , کەهەمیشە وەک حەقێکی ڕەوای خۆیی بۆ فرسەت و هەلێکی لەم چەشنە دەگەڕا بۆ ئەوەی لەزوڵم زۆری ئەم شێوە دەوڵەتە کۆن و ڕەگزپەرستە عەرەبیە شۆڤێنیە ڕزگاری بێت و کورد بتوانێ لەژێر سایەیی هەرێمێکی ئازاد و خاوەن سەربەخۆییەکی وا کە بتوانێ کارو باری سیاسی و ئیداری و ئابوری و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەدەستی خۆیەوەو بێت , بەلاّم ئەمەش بەشێوەیەکی خۆویستانە و ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ و دیمەکرات دا بمێنێتەوە . ڕەنگە ئەمەش ویست و خواستی هەموو تاکێکی کورد نەبێت و دەنگی بەرزبووەوەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یان نەبێت بەشێوازێکی وا کەمێک توند تر لەهەڵسوکەوتەکانی ئێستایی سەرکردایەتی کورد و مامەڵەکردنیان لەگەڵ بارودۆخە سیاسیەکانی ئێستای عێراق . بەو واتایەی کە کورد لەسەرەتاوە زۆر بەنەرمی ڕوو بەڕووی گرفتەکان بوونەوە لەوانە کێشەی دەستور دواتر چارەسەر کردنی باری کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان کە دەبێ بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و کۆمەڵە گرفتێکی

دی سیاسی و ئابووری و چەندین بابەتی دی  کە پەیوەست بەسەرجەم لایەنە چارەنووس سازەکانی کوردن  .. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بیرو ڕاو سەرنجەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانیەوە هەیە چونکە هۆکاری سەرەکی ئەمریکاو هاوپەیمانانی پاراستنی بەژەوەندیە نەتەوەی ئابووری و سیاسیە دوورخایەنەکانی خۆیانە لەناوچەکەدا و لەگەڵ ئەمەش دا کورد مافی خۆیەتی سود لەم هەلەوەربگرێت بەڵام بەشێوەیەک هەموو بەرژەوەندیەکانی میللەت و نەتەوایەتیمان بپارێزرێت . سەرەڕای هەموو ئەو باس و خواسانەی کە دەکرێن و ئەوانەی بەبەڵگەبن و بێ بەڵگەبن دەتوانین زۆر ڕاستیان تێدا وەدەربێنین لە هەڵەی سیاسی و فەسادی ئیداری ئەوانەی کە ڕەوانەی بەغدا کران بە جۆرەها بەرپرسیاریەتیەوە . بێ دەنگ بوونی سەرکردایەتی کورد لەوەرگرتنی هەڵوێست دژی ئەوانە و بگرە هەندێ جار شاردنەوەی ئەو ڕاستیانە لە جەماوەر . مەبەستی من لێرەدا ئەوەبوو کە کورد لەم گێژاوە سیاسیەدا پێویستی بەوەهەیە کە هەموو هەنگاوێکی چارەنووس ساز کە پەیوەندی بە کوردەوە بێت پێش ئەوەی لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا بڕیاری لەسەربدرێت ڕای جەماوەر و کەسایەتی کوردی لەسەر وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو بڕیارانە لە ئەنجامدا ئامانجەکانی خۆیان نەپێکا سەرکردایەتی کورد بەتەنها نەەبێتە لایەنێکی بەرپرس و تاوانبار و ئەوکات هەموو پێکەوە بەرپرسیار بن لە ئاکامەکان . گرفت و کێشەو کەم کوڕی زۆرن و گلەیی و گازندە و بیروبۆچوونی زۆر جیاواز هەن تێڕوانینەکان هەمەلایەنن و هەموو پێکەوە بەرژەوەندی کورد و دۆزەڕاوەکەی مەبەستی سەرەکیە و دەرەنجامەکانمان لە ئاکامدا یەکدەگرنەوە بۆیە بۆ بەرەنگاربووەی هەموو ئەو پلان و کردەو هەوڵانەی بۆ پوچەڵکردنەوەی هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی کورد بۆ بەدەست گەیشتنی ئامانجەکانی دەبێ بەبرایەتی و یەک دەنگی و پتەوی بیروڕا و یەکخستنی تواناکان و ڕێگادان بەوانەی کە شارەزاو لێهاتوون و دەتوانن لەم شێوازە بەرەنگاربوونەوانەدا ڕۆڵ و کارامەیی خۆیان بنوێنن .. کورد ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستە تووند ڕەووتربێت نەک بەڕامبەر بەوانەی کە دوژمنایەتیمان دەکەن بەڵکو بەو کوردانەی کە خیانەتمان لێدەکەن و خەنجەری ژەهراویمان لەپشتەوە لێ دەدەن ئەمانە دەبێ زۆر بێڕەحمانە سزابدرێن بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆئەوانەی تەنها بەبیرکردنەوەیەک بیردەکەنەوەخیانەت بەنەتەوەکەیان بکەن .

برگەی دوو لەبەشی یەکەم : ئەو عەرەبانەی کە بەدەستی ڕژێمی فاشی بەعس زەرەرمەند بوون و بەتایبەت عەرەبە شیعەکان و بەواتایەکی دی دانیشتوانی خوارووی عێراق ئەمانەش بەهەمان شێوەی کورد لە هەڵکی لەم شێوە دەگەڕان و بەتایبەت لە ساڵی 1991 دا بەهەمان شێوە قۆناخی کوردا تێپەڕین بەڵام ئەمریکاو هاوپەیمانانی ئەو کات شێوە تێڕوانین بیرکردنەوەیەکی تریان لەسەر ئەوان هەبوو چوونکە ئەوان هەمیشە بە داردەستەو  پیاوی ئێرانیان زانیون و ترسیان لەوە هەبووە کەدەست بنێنەنێودەستیان و کاریان لەگەڵ بگەن , هەرئەمەش وای کرد لە ڕاپەرینەی ساڵی 1991 دەست بەردارابن بوون و ڕژێمی زیندوو کردەوە و پاشان دوای سەرپێچیەکانی سەدام و ئەو گۆڕانکاریانەی کە هاتنە پێش لە 11ی سێپتەمبەرو گۆڕانکاریەکانی ئەفغانستان و سیاسەتی ئێران و سوریاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی فەلەستین و عەرەب بەرامبەر ئیسرائیل ئەو زەروریەتەیان دروست کرد کە سەدام و دەسەڵاتەکەی دەبێ کۆتاییان پێبێت و ئەو ڕژێمە لە دیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیمەکراتیەت بگۆڕدرێت و ئەوەبوو لە سەرتایی ئەپریلی ساڵی 2003 ئەم پڕۆسەیە دەستی پێکرد و بیرو بۆچوونەکان لە شێوە پلان و کارکردنێکی زۆر جیاواز لە فکرو بۆچوونی عێراقیەکان کاری بۆکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرا بەو شێوەیەی کە لەناوچە کوردیەکاندا هەیە .. بیر لەوە نەکرایەوە ئەم ناوچانە عەرەبین و سەدام و داروودەستەکەشی عەرەبن و لەم نەتەوەیەن وا پێش بینی کرا کە هەموو عەرەبێک دژی سەدامەو ئاواتەخوازە ئەم ڕژێمە لەناوبچێ وەک چۆن کوردەکان بیردەکەنەوە ئەوانەش هەمان شێوە..

بەشی دووەم  : ئەوانەی کە بەبنەڕەت تا کەسانێکی فاشست و ڕەگەز پەرستن و هەمیشە لەسەر حسابی نەتەوەکانی دی ژیان و پێشهاتەکانی خۆیان و ێچنەتەوەکانیان بنیات دەنێن و بەسەروی خۆیانەوە کەسی

دی بەدوو چاووی سەرنابین و دان بەبوونی هیچ نەتەوەیەکی تردا نانێن و نەتەوەیەک بەناوی کوردەوە لە بەرنامەو خواست و فکری ئەواندا نیە .. ئەمانە لەسەردەمانی حوکمی پاشایەتی یەوە لەم وولاتەدا دژی کورد بوون , خۆ ئەگەر لەو مێژوودا ووربینەوە ئەوە دوژمنایەتی و پلانەکانیان ڕەگووریشەی درێژخانەیان هەیە و بۆمان دەردەکەوێ ڕقووکینەیان بەرامبەر بەکورد چەندە . ئەمانە لە سەردەمانی ئەو حکومەتانەدا بەخۆیان خاوەن دەسەلآت بوون و پلاندانەرو جێ بەجێ کەربوون . بکوژو برِ خۆیان بوون ئەنفال و کۆمەڵ کوژی و چەوساندنەوە و وێرانکاری و سوتاندن و قەلآچۆکردن هەر ئەوان بوون . دوای پڕۆسەی ڕزگارکردنی عێراقیش ئەوانەبوون بەهەموو شێوەیەک لە سایەیی ئازادی و دیموکراتیەت دا دژی خواستەکانی کورد دەبنەوە بەئاشکرا بیروڕای خۆیان بەرنامەو پلانەکانیان دەخەنە ڕوو داوای ئەوە دەکەن سەدامی تاونبار ئازاد بکرێ و گروپی قاعیدە و ئەوانەی ڕۆژانە بەسەدان کەسی بێتاون لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزێننەوە بە موجاهد و خاوەن هەق دەزانن و بەئایەتی قورئان و ناوی ئیسلامەوە هەموو ئەو تاوانانە حەلآڵ دەکەن و کورد بەخۆفرۆش و پیاوی ئیسرائیل و جۆرەها ناو ناتۆرە تاوان باردەکەن ئەوانەی کە لە ڕۆژانی دیکتاتۆریەت و ڕەشەکوژیدا دەسەلآتیان هەبوو دەیان کوشتین و ئەمڕۆش لە ژێرناوی دیموکراتیەت و ئازادی و فرەلایەن و ولآتی دەستور دا پلان دژی خواستەکانی کورد دادەنێن و ئەمانەش وەک چۆن( سالح مطلك ) ودەیانی وەک ( حارث الضاري ) بەرپرسی دەستەی زانایانی ئیسلامی سننە کە چۆن بەوشێوە ئاشکرایە دووا باسی لە پرۆسەی ئازادی و تێڕوانینەکان بەرامبەر بەئایندەی عێراق و ڕۆڵی کورد و هەڵوێستی ئەو کۆمەڵەیە بەرامبەر بەسەرجەم گرفتەکان و خواستەکانیان کە هەمیشە دژ بەخواستەکانی کورد بوون هیچ کات ئەوانە هی ئەوە نین لە ژێر هیچ پاساو هیچ ناوێک دا ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت و ماوەی ئەوەیان پێ بدرێت . دوای ئەو هەموو قسە و باسانەی کە ناوبراو کردوویەتی عەرەبەکانی هەمیشە لەگەڵ سیاسەتی ڕژێم بوون کەوتوونەتە پشتگیری بەواتا ئەو بڕیارەی کە وەزارەتی ناوخۆ دای وە لێکۆڵینەوە یان گرتنی ناوبراو لەسەر ئەو گفتوگۆیانەی , ئەم کابرایەیان کردە سەرکردەیەکی نەتەوەیی و بەشێوەیەک گەورەکرا و دەنگی ناڕەزایی بەرزبوونەوە لە نێو عەرەبەکاندا ...

بۆیە دەڵێم لە ئەمڕۆی سیاسەت و گۆڕەپانی ململانێی لایەن و مەزهەب و نەتەوە و چینەکانی کۆمەڵگای عێراقی و ئەو گۆمی خوێنەی کە کەسایەتی بێلایەن و بێ تاوان ڕۆژانە گیان لەدەست دەدەن و ئەم چەمە بێ چەقەڵەمان لێ بووەتە ( چەم چەق و چەقەڵ چەم ) ....